**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٩٠٢ لە ٢٠١٩/٢/١٠**

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩
## تایبەت بە داماڵینی چەک

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخو ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ وبەپێی یاسای چەك ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ ، بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی چەکداری بەتایبەت چەکی قورس ومام ناوەند وە هێشتنەوەی ئەو چەکانە تەنها لەدەست هێزە چەکدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بریارماندا بە:

١. داماڵینی گشت چەك و تەقەمەنی جگە لە دەمانجە و کلاشینکۆف.

٢. دەست بەسەرداگرتنی ئەو چەکە بێ مۆڵەتانەی کە لە لایەن هاوڵاتیان هەڵدەگیرێت وە گرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەریان.

٣. لە سەنتەری هەر پارێزگا و قەزا و ناحیەیەك لە بەرێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس و ئاسایش بنکەی کۆکردنەوەی ئەو چەکانەی ڕادەست دەکرێن یان دەستی بەسەردا دەگیرێت کۆدەکرێنەوە و لە لایەن لێژنەیەکی تایبەتمەندەوە جەرد دەکرێن و ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێن.

٤. لە رێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگاداری گشت هاوڵاتیان دەکرێت ئەوانەی دەمانجە و کلاشینکۆفی بێ مولەتیان هەیە لەو بنکانە تۆماری بکەن ، و ئەو چەکانەی کە لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە ڕادەستی بکەن.

٥. ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت بۆ ماوەی (٦) مانگ.

٦. دوایی کوتایی هاتنی ماوەی کە لە بڕگەی (٥)ی سەرەوە دیاری کراوە هەر چەکێك دەستی بەسەردا بگیرێت خاوەنەکەی بەپێی یاسای چەك ڕەوانەی دادگا دەکرێت .

٧. ئەم بەیانە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**